# ژیانێکی تر

## دانا ڕەئووف

کوردییەکەی: کەریم تاقانە

BALINDE
Publishing House

**وەشانخانەی باڵندە**

زنجیرەی کتێب

٣

# ژیانێکی تر

**شیعر**

**دانا ڕەئووف**

کوردییەکەی: کەریم تاقانە

- بەرگ: تێکۆشەر خالید
- ڕێنووسی یەکگرتوو: باڵندە
- چاپ: یەکەم- ٢٠١٩
- چاپخانە: جەنگەڵ- تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- وەشانخانە: باڵندە

**سەرجەم مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەشانخانەی باڵندە پارێزراون©**

*سەرچاوەی سەرەکی (سویدی): Annat liv, Dana Marouf, 2002*

# ژیانێکی تر

## دانا ڕەئووف

کوردییەکەی: کەریم تاقانە

ماڵپەڕی باڵندە
سەرچاوەیەک بۆ شیعری کوردی و جیهان
www.balinde.com

ئەم کتێبە بە ئاگەداریی **نووسەر** و ڕێککەوتن لەگەڵ
**وەشانخانەی باڵندە**دا چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

# ژیانێکی تر

# چەند وشەیەک سەبارەت بەم وەرگێڕانە!

ئەگەر نووسینی شیعر هونەر بێت، کە بێگومان هونەرێکی بەرزە، ئەوە وەرگێڕانی شیعر هونەرێکی سەختە و یەکێکە لە گرانترین بوارەکانی وەرگێڕان؛ "ڕەسووڵ هەمزاتۆف" لە شوێنێکدا گوتوویەتی (وەرگێڕانی شیعر وەک ئەوە وایە، فەرشێکی جوان بە دیوەکەی تریدا ڕابخەیت.) بە ڕای من ئەمە جوانترین پێناسەیە بۆ وەرگێڕانی شیعر؛ ڕەنگەکانی فەرشەکە، ئەو نەخش و وێنانەی تێدایە، هەموو دەردەکەون، بەڵام بە ڕەنگێکی کاڵەوەبووی ناشیرین و زبر.

چەندان ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵەشیعرێکم ڕاستەوخۆ بە زمانی سویدی نووسین و لە دەزگای (پیونیار)[1] چاپ و بڵاو کرانەوە؛ شیعرەکان لە خودی زمانی سویدیدا لە دایک بوون و لە جۆرە زمانێکی سادەدا، گوزارشتیان لە هەست و ئەندێشەیەک، لە ژیانی تاراوگەی خۆم دەکرد. هاوکات ئەم شیعرانە خاڵی نەبوون لە ڕابردووی خۆم، بێگومان ئەو ساتەی شیعرەکانیشی تێدا نووسراون.

هەر ئەو دەمەی شیعرەکانم تێدا نووسین، بۆم دەرکەوت، کە نووسینی هەمان ئەو شیعرانە بە زمانی کوردی سەختە، سووکەهەوڵێکیشم دا بۆ ئەوەی بیانکەم بە کوردی، بەڵام نەمتوانی و هەموو ڕیتم و مانا و ئەو زمانە سادە سویدییەی لە شیعرەکاندا بەکارم هێنابوون، نەدەمان و شتێکی کاڵوکرچ و بێمانایان لێ دەردەچوو.

دوای ئەو هەموو ساڵە، نووسەر و وەرگێڕی خۆشەویست، کاک **کەریم تاقانە** ئەم شیعرانە سەرنجی ڕادەکێشێت و بەبێ هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوانماندا، شیعرەکان دەکات بە کوردی. کە **کاک کەریم** شیعرەکانی بۆ ناردم و بە کوردی خوێندمەوە، بۆ یەکەم جار هەستم بە ڕیتمی شیعرەکان لەو زمانە شیرینە کوردییەدا کرد، کە **تاقانە** شیعرەکانی پێ وەرگێڕاون. بۆ

[1] Pionier press,  Stockholm

یەکەم جار هەستم کرد، وەرگێڕانی شیعر چ تێگەیشتنێکی قووڵە، نەک تەنیا لە ڕیتم و مانا و دۆزینەوەی دنیای شیعرەکان، بەڵکوو لە بەکارهێنانی وشەی جوان و دۆزینەوەی ئەو مروارییە بچووکانەی، لە شەوەزەنگدا دەبریسکێنەوە، هەروەها لەدەستنەدانی ئەو ئەتمۆسفێرەی لە شیعرەکاندا هەن.

**دانا ڕەئووف**

٢٠١٨/٥/٦

# سەرەتا

شیعرنووسین بۆ من، دنیایەکی تەواو تازەیە. من پێشتر، ساڵەهای ساڵ، کاری ئەدەبیم کردووە و پێنج کتێبیشم بە زمانی کوردی بڵاو کردووەتەوە. کاتێک لە نەوەدەکاندا لە گرتووخانەیەکی عێراقیدا توند کرابووم و حوکمی مەرگ درابووم، هیچ بیرم لە لای شیعر نەبوو.

بەڵام ئێستا، ئەوەتا بێ ئەوەی پلانم دانابێ، جاروبار بە زمانە تازەکەم شیعر دەنووسم، ئەم کتێبە شیعرییەیش هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانم. من ئەم شیعرانەم ڕاستەوخۆ بە زمانی سویدی نووسیون. بۆ من ئیمکانی نییە شیعری ئاوا بە زمانی کوردی بنووسم، یان بتوانم ئەم شیعرانە بۆ زمانی دایک وەربگێڕم.

ئەمانە تەنیا خەیاڵ و وێنەی خۆبەخۆن، کە بە زمانی سویدی ڕێچکە دەبەستن. ژیان لە سوید و زمانی سویدی ئەزموونی تازەیان بە من داوە و لاپەڕەی تازەیان لە مندا کردووەتەوە، کە تا ڕادەیەکیش ئاڵوگۆڕیان لە کەسێتیی مندا دروست کردووە. ئەمە جۆرێکە، هەر دەڵێی من سەرلەنوێ لە دایک بوومەتەوە و فێری زمانێکی تازە و سادە بووم. نازانم داخۆ لە داهاتوویشدا شیعر دەنووسم یان نا، بەڵام ئەم شیعرانە باس و قسەی دڵی منن بۆ "ژیانێکی تر"، کە من لێرە لە وڵاتە تازەکەمدا کەشفم کردووە.

**دانا ڕەئووف**

٢٠٠٢

# دەستپێک

*لە سەفەر بووم، نەمدەتوانی ڕابوەستم! حەقیقەت لە هەوادا بزر بوو. نەمدەتوانی بیدۆزمەوە، جیای بکەمەوە و لەنێو ئەوانی دیکەدا ببیبینم. حەقیقەتەکانی دیکە بۆ من هەر بەو شێوەیە بوون، لێڵ و ناڕوون. ڕێگەم تەومومژاوی و هەموو وردەکارییەکان، ناتەواو. ئەرێ کامە حەقیقەتی من بوو، کە وەکوو ئاو بەنێو ئەنگوستەکانمدا ڕژا؟ کامە حەقیقەتی من بوو، کە لەو خەباتە کتوپڕییە لەسەر خودی خۆم، بزر بوو! حەقیقەتی من، ڕۆحم بوو، کە دەمێک ساڵ پێش ئێستا، لە جەستەم جیا بووەوە.*

# I

**تاسە**

دوێنێ شووتییەکم کڕی
گوێم لە *مۆزارت* گرت و
مۆمێکم داگیرساند

ئێمە دانیشتین و
قسەمان کرد
تۆ لێرە بووی
**لێرە**
لە پەنای ئەو مێزەی قاوەڵتیی لەسەر دەخۆین
تۆ بە دەنگی بەرز پێکەنییت

بەڵام ئەوە تۆ نەبووی
تۆ لێرە نەبووی

ئەوە تەنیا خۆر بوو
کە بە دزییەوە خۆی بە ژوورەکەمدا کرد
ڕووناکی

شووتی

لەسەر

مێزەکە.

# سۆناتەی شەو

**(١)**

من شەوم خۆش دەوێ
شەوانە
باشتر دەبینم
شەوانە
تۆ دەبینم
لە تاریکیدا
لە تاریکیدا
تۆ دەبینم
لە مانگدا
تۆ دەبینم...

(٢)

شەوانە
مانگ لەسەر تەختی خەوەکەمدا
سەیری خۆی دەکا
لەسەر تەختی خەوەکەمدا
دەتبینم
ڕووتوقووت
ڕووتوقووت

شەوانە سەرجێییت لەگەڵ دەکەم
سەرجێییت لەگەڵ دەکەم

شەوانە جەستە لە ڕۆحدا
ون دەبێ
ڕۆح
لە بۆندا
لە بۆنی
تۆدا

(٣)

شەوانە
لە تاریکیدا
هەست بە بۆنت دەکەم.
شەوانە
لە تاریکیدا
بۆنت دەکەم
بۆنی ئەوین
سپێرم
ئارەقە
هەناسەت
شەوانە
لە تاریکیدا
گوێم لە دڵتە لێ دەدا
بە هێمنی لێ دەدا
لێ دەدا
زۆر بە توندی

(٤)

شەوانە
لە تاریکیدا
گوێم لە هەناسەدانتە
شەوانە
مانگ دەبینم
لە زەریاچەدا نەخشی بەستووە
من شەوم خۆش دەوێ
من مانگم خۆش دەوێ
من
تۆم
خۆش دەوێ

## ئێمە خواردمانەوە

خۆر پێکەنی
ئێمە خواردمانەوە
من و
ئەو
پێکێک
شەراب

ئەو
لە **دەمی**
مندا خواردییەوە

لە ناکاو
ئەو لە چاوترووکانێکدا
هەبوو
لە ناکاو
ئەو لە شەرابەکەدا
ون بوو
شەرابەکەیش لە دەمی مندا!

## له هەڵاتندا

له زەردەپەڕدا
من وێنەی خۆمم
له زەریاچەکەدا بینی
ئاوەکە دەڕۆیشت[٢]
منیش دەڕۆیشتم
**پاییز**

---

[٢] له زمانی سویدیدا، وەختێک ژن ژان دەیگرێ و منداڵەکەی خەریکە دێتە دنیاوە، دەڵێن: "ئاوەکە دەڕوا، یان ئاوەکە ڕۆیشت." وەرگێڕ

ڕۆژەکان ڕووناک و زەردن
لەم چاوترووکانەدا
پێش ئەوەی گەڵاکان بوەرن
گوێم لە کەسێکە دەگری
بوونەوەرێک
لە خۆرەوە.

# II

## شەقامی ستۆکهۆڵم

*دووقۆڵی لەگەڵ گوننار ئێکەلوێف*[3]

من نامۆ بووم
بۆ تۆ
تۆ ئازادیت پێ بەخشیم
من منداڵێکی سادە بووم

لە پەنای تۆدا
"شارێکی تر و
ژوورێکی تر
لە ماڵێکی تردا"
تۆ ئەوین و
سۆزت پێ بەخشیم

[3] گوننار ئێکەلوێف (١٩٠٧-١٩٦٨) شاعیر و نووسەر و وەرگێڕێکی ناسراوی سویدییە و وەک یەکەم شاعیری سووریالیستیی سوید سەیر دەکرێت. وەرگێڕ

ڕوو بە سپێدە
لەگەڵ تاریکیدا
ڕووت
لە پەنای ئاوێنەکەدا
لە ژوورەکەم ڕادەوەستی
" لەوێدا کە مرۆڤ قەت نەژیاوە
لە گۆشەی تردا
لەوێدا کە مرۆڤ هەرگیز نەوەستاوە و
هەرگیز چاوەڕێی کەسی نەکردووە"

لەوێ من تۆم ڕاموسی
لەژێر ڕووناکایی مانگێکی دەمبەخەندەدا
لێوەکانتم ڕاموسی
ڕامووسین و هەر ڕامووسین
لە سپێدەی بەرەو ڕووناکیدا

من نامۆ بووم
**من** منداڵێکی سادە بووم
"کە زمانێکی تر و
ڕوانینێکی ترم بۆ ژیانی خۆ" هەبوون
تۆ ئازادیت پێ بەخشیم

"تۆ کچێکی سادە بووی"
لەگەڵ ئەویندا
لەگەڵ تۆدا
لەگەڵ هەوادا
فڕیین.
"ئیشێکی تر و
ناوێکی تر و
شەقامگەلێکی تر کە بڕۆی
شەقامگەلێکی تر کە بڕۆی
شەقامگەلێکی تر کە بیریان لێ بکەیتەوە"
هەمیشەیش تۆم لەوێدا دەبینی
لە بەردەم پەنجەرەکەمدا.

کاتێک بیرم لە تۆ دەکردەوە
کاتێک پیاسەم کردووە
"ئەگەر شتێک هەبێ مرۆڤ قەت نەتوانێ پێی بگا"
بیرم لە تۆ دەکردەوە
کە هەرگیز ناتوانی

پێی بگەی

# کازیوە[٤]

بەرەبەیان
کاتێک لەگەڵ چیاکان قسەم کرد
درەختەکان سەمایان
لەگەڵ بادا
کرد

بەرەبەیان
کاتێک لەگەڵ زەوی قسەم کرد
کێڵگەکان گۆرانییان
لەگەڵ ڕووباردا
چڕی

---

[٤] شاعیر لە دەقە سویدییەکەدا وشەی کوردیی "کازیوە"ی داناوە. وەرگێڕ

بەرەبەیان
کاتێک لەگەڵ باڵندەکان قسەم کرد
گوڵەبەڕۆژەکان
لەگەڵ ڕووناکیدا
پێکەنین

بەرەبەیان
کاتێک لەگەڵ هەور قسەم کرد
ئاسمان
بە دوای ئەستێرەدا
گریا.

# III

## جەللادەكەم

لە ژوورێکی ڕەشدا
لەوێدا من
هاوار
خوێن و
ئەو

من خەونم بینی
ئەو بە دەنگی بەرز پێکەنی
من گریام

ئەو یەکێک بوو لەگەڵ هاوارەکەدا
من
لەگەڵ تاریکیدا.

من لە تاریکایی دەترسام
ئەو لە هاوار

من زیندانی
ئەو جەللاد

## ژیانی تر

ئێمە لە ژیانێکی تردا
یەکترمان بینی
لە وڵاتێکی سپیدا

ئێمە لە دنیایەکی تردا
یەکترمان بینی
لە وڵاتێکی سووردا

لە نێوان ئاسمان و
زەویدا
ئێمە بەردمان ئاگر دا
من ئەنگوستەکانی خۆمم ئاگر دا
بۆ تۆ

چاوەکانی خۆمم ئاگر دا
بۆ تۆ
جەستەی خۆمم ئاگر دا
بۆ تۆ

تۆ منت بە جێ هێشت
لە دووکەڵدا ون بووی
من لە خۆڵەمیشدا مامەوە

خۆڵەمێش لەگەڵ هەوادا پەرشوبڵاو بووەوە
بۆ ژیانێکی تر.

# کاتاکۆمب[°]

فەنا فەنا
بوونی هەیە
لێرە
لە وڵاتی مەرگدا

لەسەرخۆ چوومە
ئەو کاتاکۆمبە ساردەوە.

° گۆڕستانی ژێرزەمینی. وەرگێڕ

کەللەسەرم بینی
یەک
دوو
سێ
نا- ملیۆنان ملیۆن
یەک
دوو
سێ
نا- ملیۆنان ملیۆن

لەو تاریکاییە قووڵەدا
بەنێو ئێسکوپرووسکدا دەگەڕام
خۆمم دۆزییەوە، خۆم
ئێسکوپرووسکی خۆم
کەللەی خۆم

## بێدەنگی

له ئەزەلەوە
مەرگ بوو
مەرگ
**بێدەنگه**
ئەو هەرگیز لەگەڵ ئێمه
قسه ناکا

مەرگ بێدەنگه
ئەو هەرگیز لەگەڵ ئێمه
قسه ناکا.

## شاری خەوتوو

چوومە نێو دەریاچەوە
شۆڕ بوومەوە بۆ ڕۆحی زەریا
لە جەستەی قووڵی زەریادا
لەگەڵ ماسییەکان گەمەم کرد

لە بنەوە
کاتێک زەمان ڕاوەستابوو
خۆمم لە پەنای شارێکی ساردوسڕی خەوتوودا
بینییەوە
بێڕۆح
بێجووڵە
ئاسمان
لە ژوورەکەمدا
زەریا
لە سەرمدا

ژنێکم بینی
بە ئاسماندا دەفڕی
لە زەریادا گۆڕانیی دەچڕی

# IV

## سەهۆڵ

مەرگ بەسەر بێدەنگیدا زاڵ بوو، زەوییەکی ساردوسڕ، تێکڕووخاو لە خەمدا، ئەمڕۆ خوداکان **ئێمە**یان بە جێ هێشتووە

چاخی سەهۆڵ و تەنیاییە، ئێمە هەموومان ئاڵوگۆڕمان بەسەردا هاتووە و بووینەتە پارچەسەهۆڵی بچووک، لە زەمان و مەودادا ون بووین، بە ڕووخساری پووچەوە دەڕۆین و لە هەوادا و لەگەڵ بادا دەتوێینەوە، با تۆڵاشەئاگر لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ کە لەگەڵ بوونەوەری گرگنئاسادا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئاگر و با و پووچی دەچنە ناخ و جەستەوە، جەستە بیابانێکە لە هیچ شتێک و هەموو شتێکیش بیابانێکە لە تەنیایی، کە لە دنیایەکی داخراودا دێت و دەچێ، هەموو شتێک لەم چاخی سەهۆڵەدا بێتامە، هەموو شتێک بێبایەخ و وشک و بێڕەنگە، دڵەکان لە سەهۆڵ، جەستەکان لە سەهۆڵ، هەوا لە سەهۆڵ، مرۆڤەکان لە سەهۆڵ، سەهۆڵ، سەهۆڵ و هەر سەهۆڵ، جیهانێک لە سەهۆڵ لە تاریکیدا لە چەقی بیاباندا، پیاوان، ژنان و منداڵان بەسەر ڕووباری بەستوودا ڕادەکەن و ماسکی سەیروسەمەرەیان هەڵگرتووە، کۆڕەو، مرۆڤی بیابانن کە زەوی پڕ دەکەن، بیابان و ڕووبار گەنیون، دڵ تێک دەچێ و بۆنی مەرگ دێ، مەرگ بە شێوەیەکی نادیار لە ناخی مندایە، لە

هەوادایــە و هــەوایش لەگــەڵ مــەرگ خــۆی بــە گەرووی مرۆڤەکاندا دەکا، کەس بیری کەس ناکا، هەموو شتێک کڕوکپە، هەموو شتێک مەرگە، ئەوە مەرگە قسە دەکا، مەرگ لە چاخی سەهۆڵدا دەبێتە پێوەندیمان، ساردوسڕ، مەرگی سارد لە مەرگدا، من لە بەلەمەکەمدا، بە لەقەلەق، بەنێو بیاباندا کە لە تەمومژدا ون دەبوو، سەوڵم لێ دا، لەوێ وێڕای گەردەلوول و دەنگی قیژە و هاوار کە دەتکێنە هەواوە، هەوا دەتکێتە ناخی منەوە، من لەگەڵ زۆر کەسی تردا ئاڵوگۆڕم بەسەردا هاتووە و بوومەتە مرۆڤێکی لەرزۆک و گرینۆک و هاتوهاوارکەر، ئێمە بەنێو تەمومژدا کە لە ئامێزی گرتبووین، ڕۆیشتین، مـن نەمـدەوێرا ڕوو وەرگێـڕم، چاوەڕێ بکـەم و ڕابوەستم، من بە ئاسمانێکی ڕووتوقووتدا لەسەر مانگ هەر سەوڵم لێ دا، ئەوە ئاسمان بوو کە لە زەویدا دەسووتا و ئێمەیش بە دەوری ئەو زەوییە سووتاوەدا هەڵدەپەڕیین، هەموو شتێک کۆتایی هاتووە، هەموو شوێنێک تەرم بوو، تەرم کە لە ئاژەڵ دەچوون و ئاژەڵیش لە مرۆڤ، لە نێوان ئاسـمان و زەویـدا تـەنیا تـەرم ڕاوەسـتاوە؛

هاوشـێوەی مرۆڤگـەلێک کـە ئاڵوگۆڕیـان بەسـەردا هاتووە و بوونەتە جڕوجانەوەر، مرۆڤی گرگنئاسـام بینی ڕیزیان بەستبوو و بە بیاباندا دەڕۆیشتن، ئێمە هــەمووومان لەگــەڵ بیابانــدا، لــە تــەومژدا کــە مەیلەوئاسمان بوو، لە هـاتوچۆدا بـووین، ئاسـمانێک بـێ ئەسـتێرە، بـێ هـەور، بـێ بـاران، بـێ خـۆر، بـێ هـەوا، هـیچ شـتێک، ئاسـمانێک کـە بـە تـەنیا کونێکی گەورە بوو لە پووچی، لـەوێ ڕێگـەمان لـێ ون بـوو و لـە ڕێوڕەسـمێکی هاوبەشـدا گۆرانیمـان خوێنـد، ڕێوڕەسمەکە دنیایـەکی تـازەی لـە هـەور سـاز کـرد، هەوری ڕەش و سوور، ئەمە چاخێکە لـە سـەهۆڵ و تـەنیایی، ئێمـە هـەمووومان بووینەتـە پارچەسـەهۆڵی بچـووک، لــە هــەوادا دەتوێینــەوە، دەتوێینــەوە لــە هەوادا و لە عەدەمدا ون دەبین

هەر بۆیە مەرگ گۆرانی دەچڕێ و خۆر ڕەشە،
خۆرێکی ڕەشی بەستوو لە مەملەکەتی مەرگدا

V

## بەردەکە

من لە پەنای تەرمەکەمدا
ڕاوەستاوم
لە ژوورێکدا
کە لە
**بەردە.**

لەوێ مردم
بە ڕووخساری
بەردینەوە.

# ڕق

بیر لە ڕەنگت دەکەمەوە
لە ڕەنگتدا
فەنا دەبینم

لە فەنادا ون دەبن
خۆشەویستیت و
ڕق و
من

## کەریم عوسمان[٦] لە یادەوەریدا

تۆ بە شاخەکاندا
شۆڕ بوویتەوە
لە تەمومژدا
ون بووی
لەگەڵ گوللەدا
ئەستێرەکان کشان
سەگە بەرەڵڵاکان
بەسەر دنیادا وەڕین

ئەسپی کێویم بینی
گالیسکەیان ڕادەکێشا
لەگەڵ لاشەتدا
کە سووکایەتیی پێ کرابوو
کۆترەکان بەرەو ئاسمان
لە شەققەی باڵیان دا.

[٦] کەریم عوسمان هونەرمەندێکی ناسراوی کورد بوو، بوو بە قوربانیی شەڕی براکوژی. وەرگێڕ

# VI

من ئاسمان دەکێڵم
زەریا دەکێڵم
زەوی دەکێڵم
"من" دەکێڵم
لە ئاسمان فرمێسک دروایەوە
لە زەریا
شەپۆلی چپەچپکەر
لە زەوی
درەختێکی باڵاکردوو
لە "من"
ڕۆحێکی گڕگرتوو

## مەزرای گوڵەزەردە

من لە ئاسمانەوە دێم
ئاژەڵێکی کێویم
قژ پڕ لە خۆر
دەم پڕ لە ئاگر

من لە ئاسمانەوە دێم
جانەورێکی کێوی
ڕاکردوو
لە مەزرای گوڵەزەردەدا

لە ئاسمانەوە دێم
بۆ لای تۆ
دەمەوێ تۆ ببینم
لەو دەشتە زەردەدا

من لە ئاسمانەوە دێم
دەستم پڕاوپڕ لە
خۆر
جەستەم پڕ لە **ئاگر**

من لە ئاسمانەوە دێم
پڕیشکێکم
سوارەم
لە گوڵەزەردەدا
بۆ تۆ دەسووتێم
سەما دەکەم
دادەگیرسێم
لەو دەشتە زەردەدا

من لە ئاسمانەوە دێم
لە ئاسمانەوە
بۆ لای تۆ دێم

# VII

## شوێنەوار

لە نوێنگەیەکدا کە جۆلانێی دەکرد
لە زەریایەکی قووڵدا
لە سۆنگەی بارانەوە
لە زەمانێکی پڕ لە پێکەنیندا
لە سۆنگەی خۆشەویستییەوە
من و تو
بە هەردووکمانەوە
شوێنەوارێکمان بە جێ هێشت
لە سۆنگەی تاسەمانەوە

## لەگەڵ هەر گەڵایەکدا

هەر جارێک چاوم بە ژنێک دەکەوێ
هەر جارێک تۆ دەبینم
تۆ یان ئەوان
هەر جارێک
وەختێک خەونێکی تازە دەبینم
دەیدەم بە تۆ
تۆ یان ئەوان
بەشێک لە دڵم

هەر جارێک
وەختێک یەکەم گەڵای پاییز
دەوەرێ
دڵم بۆ **تۆ** دادەکەوێ

بۆ تۆ یان ئەوان
دڵم
دادەکەوێ
هەموو جارێک لەگەڵ پاییزدا
لەگەڵ پاییزدا
ژیانم دەڕژێ
لەگەڵ هەر گەڵایەکدا
کە دەوەرێ

من لەوێ ڕاوەستاوم
لە گۆڕەکەمدا،
پیر.

## خەون

لەگەڵ شەودا
پەرییەکان لەسەر تەختی خەوەکەتدا
خولانەوە
حەز و تاسەیان لە خەونتدا بڵاو کردەوە
لە خەونتدا
من لەگەڵ پەرییەکان سەمام کرد

لەگەڵ ڕووناکیدا
لە خەو هەستای
وەک پەرییەکی کێوی
لە لای تەختی خەوەکەمدا سەمات کرد

## جنۆکە

لەگەڵ خۆرهەڵاتنندا
وەختێک ئەستێرەکان
لە هەورەکاندا خەوتوون
لەگەڵ گومانمدا ون دەبم
گومان گەشە دەکا
لەگەڵ متمانەم

# VIII

## ڕۆحی تاریک

*دیدار لە کتێبخانە*

ئەو بە بێدەنگی دێ، ماندوو، وەک خەوتوویەک کە نیگایەکی پرشنگداری لە دنیایەکی ئەبەدیدا هەبێ. ئەو بە ئەسپایی بە دالانە کشوماتەکەی کتێبخانەدا دێ و دەچێ، خەمبار. من لە جەستەیدا، لە چاوە تاریکە پەرێشانەکانیدا تاسە دەبینم. ئەو بەردەوام بە ڕووخساری بزۆز و ڕۆح و جەستەی نیگەرانەوە بزەی دێتێ. ڕووخسارە سپییەکەی لە ڕووخساری بێگوناحی فریشتە دەچێ. ئەو جاروبار بە خێرایی و بە چاوە درەوشاوەکانیەوە ئەمسەروئەوسەر دەکا. شێتی هاوار دەکا، لە ڕابردووەوە لەو کتێبە تۆزلێنیشتووە کۆنانەدا دەقیژێنێ. ئەو تەنیایە و لە جودابییەکی قووڵدا دەگریی، ئەو وەک شەپۆلی گڕکانێکی هەڵایساو لە هەستی پەرشوبڵاو، هەڵدێ، تێدەگا، کە ژیان تەواو بووە.

من دەیبینم، بە وردی سەرنجی دەدەم و جەستەم بە هۆی ئەو شەپۆلە شێتەی ئاگرەوە گەرم دادێ. سەیرێکم دەکا و بە ڕووخسارێک کە لە سەهۆڵ و پشکۆ دەچێ، بزەیەکی دێتێ. ئەو ئاوازێکی خەمبار دەخوێنێ کە تەنیا خۆی لێی دەگا. ئاوازەکەی وەکوو خەونێک لە شەودا، کڕوکپە، بەڵام چاوەکانی تا دێن ڕەنگی چاوەکانی بولبول دەگرن. لە ڕێڕەوە تاریک و بێدەنگ و خەواڵووەکەی کتێبخانەدا کەڕنەڤاڵی میلۆدییە لاڵەکانە.

من لە بێدەنگییەکی تاریکدا دانیشتم، تەنیا و سەرلێشێواو لە پەنای ڕێگەی بەختمدا، ونبوو لە تاسەمدا وەکوو ئەو. من تەنیا کتێبێک و چەند پارچەکاغەزێکی سپیم لە کۆڵەپشتییەکەمدا پێ بوو. ئەو لە شەوزەنگدا هات، بێدەنگ و تەنیا، ونبوو لە تاسەیدا وەکوو من. لەو لای مێزەکەوە دانیشت، ئالبوومێکی وێنەی لە کۆڵەپشتییە دڕاوەکەیدا هەڵگرتبوو. پیشانی دام، وێنەیەکی بەرز کردەوە هەتا نیوەی نادیار بوو.

ئـــەو دەیویســـت هەناسەهەڵکێشـــان و کاردانـــەوەم ببینێ.
لـە پڕ مـن لـەوێ، لـە کتێبخانەکـە، لـە ئالبوومەکەیدا ڕەنگم دایەوە. وێنەی ژیانێکی تر، سەردەمێکی تر.
وێنەیەک لەگەڵ کوڕێکدا
- ئەوە من بووم
یەکێکیش لەگەڵ ژنومێردێکی گەنج و منداڵێکدا
- ئەوە تاسەم بوو
یەکێک لەگەڵ کۆمەڵێک مرۆڤ
- ئەوە تەنیاییم بوو

ئەو لە خەودا دێت و دەچێ. ڕێگەکە تاریکـە، ڕۆحێکـی ناڕوون و نیگـەران کـە خـۆی لـە دەسـت داوە. ئـەو لـە پێکەنینێکی خەماویدا ئازار دەچێژێ.
ڕێگەکـە تاریکـە و ئـەو بـە وردی هـەنگاوە هێمنـەکانی دەژمێـرێ. لەگـەڵ هـەر هەنگاوێکـدا وێنەیـەکی نـوێ خـۆی پیشـــان دەدا، یادەوەرییـــەک و تاســـەیەک لـــە ڕابـــردووەوە. ڕابـــردوو لـــە قیژەیـــەکی تەنیاییـــدا، لـــە دەنگێکی نەناسراوەوە، لە ترسـی دەرکـەوتنی تاریکیـدا ئـازاری دەدا. مـن سـەرنجی دەدەم، مـن لەوانـدا ڕەنـگ دەدەمەوە، لە وێنە کۆنەکانی ئەو ژنە شێتەدا.

## تاریکی سوکناییی پێ دا

لە لای کێوەکەدا
تاریکی سوکناییی پێ دا
هەورەکان بەرز
لە تاریکیدا چارۆکەیان هەڵدا
تاریکی سوکناییی پێ دا
لە حاڵێکدا ئەو سواری
ئەسپێکی لەرزۆک بوو

ئەو مۆرەمۆری دەکرد
بۆ زەریا
لە زەریادا، ڕێک لەوێ کە ڕێگەکان
بەرەو ئاسمان دەچنە سەرێ

ئەو لەگەڵ تاریکیدا ڕۆیشت
لە چارۆکەیەکی ڕەپوڕاستدا
تاسە و سێبەری
سوار لەسەر پشتی مەزنەئەسپی
هەورین
ئەسپەکان لەگەڵ بادا چارۆکەیان هەڵدا
تاریکی سوکناییی پێ دا.

# XI

## من لەگەڵ شەودا سەفەر دەکەم

من لەگەڵ شەودا سەفەر دەکەم
زەویی بێداڵدە
کۆڵەپشتییە دڕاوەکەم هەڵدەگرێ
بۆنی زەوی ئاوێتەی زەریا دەبێ

دڵم لەگەڵ شەپۆلەکاندا ڕادەکا
سەفەرەکە درێژە
وەک ژیانی ماڵبەکۆڵان
سەفەرەکە کورتە
وەک کاتی بەرەبەیان
کات بەسەر چووە

## کورتە دەقەکان

(١)

قووڵایی
خۆر دەچێتە قووڵایی
دەچێتە ژوورەوە
ئەو خۆی بە ژووری ژوورەوەدا دەکا
لە ئەوپەڕی پەڕەوەیە،
لە دوایین خاڵی ئاسماندا
لەسەرخۆ دەگاتە ناخی سنوور

(٢)

ئەو ئێستا دەسووتێ
منیش وەک چۆن ئەو دەیەوێ
دەسووتێم
من ئەوەم دەوێ کە ئەو دەیەوێ
ئەو ئەوەی دەوێ کە من دەمەوێ

ئەو خۆرێکی دەمبەخەندەیە

(٣)

ئێمە هەردووکمان
خۆڵەمێشی سەماکەرین لە هەوادا

X

# خەونەبینین

کە منداڵ بووم
نەمدەتوانی خەون ببینم
کە گەنج بووم
قەدەغە بوو خەون ببینم

ڕۆحم لە با
با بۆ ئەوێی بردم
ئەوێ کە دەمتوانی خەونی لێ ببینم

خەونم بینی
هەورەکان بەسەر چیاکاندا هاتوچۆیان کرد
وەرزەکان چوونە نێو یەکترەوە
باران بوو
خۆر
بەفر
**با**

خۆرم بینی دەڕۆیشت
بۆ بنی زەریا
لە زەریادا دانیشتم
گوێم بۆ هەناسەی زەریا ڕاگرت
خۆرم بینی
لە یەک ساتدا
لەولاوە دەهاتە سەرەوە

خەونم بینی
ماڵەکان لە زەریادا ڕاوەستاون
کچە چکۆلەکەم
گەورە بووبوو
بەڵام هیچ منداڵێکم نەبوو

لەگەڵ خۆرهەڵاتندا
لەماڵەکەدا
کە لەنێو زەریادا ڕاوەستاوە
لە خەو هەستام

# ڕۆحێکی بێجووڵە

لە پشتی هەموو دەرگەکانەوە
ڕۆحێکی بێجووڵە
ڕێ دەکا

باڵندەیەک بەسەر تەنیاییمدا
دەفڕێ
بێدەنگی
هاوڕێی منە

بێدەنگییەک
لە ڕۆحمدا
قووڵ دەخزێ

من چاوە تاریکەکانی بێدەنگیم

## دیدار

لە ڕێی ماڵ
لە ئاوایی
لە تاریکیدا
لە ناکاو
لووتم بە لووتی باوکمدا تەقییەوە
ئەو لەگەڵم دوا
لە بارەی خۆمەوە

کە هاتمەوە ماڵ
کازیوەی دابوو
لە ناکاو
ئەو دیسان ون بووەوە
لە تاریکیدا

من
مامەوە
لە ڕووناکیدا.

Dana Marouf

# Annat liv

**Översättning från svenska till kurdiska:**
Karim Mahmoudi Taghana